# ئیمان هێنان بە کتێبە ئاسمانیەکان

[ بە کوردی ]

# الإيمان بالكتب السماوية

[ باللغة الكوردية ]

ئامادەکردنی : عەبدوڵڵا سابیر گەرمیانی
إعداد : عبد الله سابير كرمياني

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

# ئیمان هێنان به‌ كتێبه‌ ئاسمانیه‌كان

هه‌موو پێغه‌مبه‌رێك ـ علیهم الصلاة والسلام ـ كتێبێكی هه‌یه‌، خوای گه‌وره‌ده‌فه‌رموێت:{ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ } (الحديد:25) .

واته‌: سوێند به‌خوا به‌راستی ئێمه‌پێغه‌مبه‌رانی خۆمانمان ناردووه‌ به‌به‌ڵگه‌و موعجیزه‌ی ڕوونه‌وه‌، وه‌كتێبی ( ئاسمانی ) و ته‌رازوی دادمان له‌گه‌ڵدا ناردن، بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵكی به‌دادگه‌ری ڕه‌فتار بكه‌ن له‌نا خۆیاندا.

وه‌ده‌بێت موسڵمان ئیمان بهێنێ به‌و كتێبانه‌ی خوای گه‌وره‌دایبه‌زاندووه‌بۆسه‌ر پێغه‌مبه‌ره‌كان ـ علیهم الصلاة والسلام ـ بۆ ئه‌وه‌ی هیدایه‌تی خه‌ڵكی پێ بده‌ن، خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رمووێت: { قُولُوا آَمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ} (البقره/١٣٦).

واته‌: ئه‌ی ئیمانداران بڵێن : ئیمانمان هێنا به‌خوا و، وه‌به‌و قورئانه‌ی بۆمان دابه‌زیوه‌، وه‌به‌و نامه‌یه‌ی كه‌نێرراوه‌و دابه‌زیوه‌بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و یعقوب و (اسباط)، وه‌ئه‌وه‌ی كه‌دراوه‌ به‌موسا و عیسا، وه‌به‌وه‌ی كه‌دراوه‌به‌هه‌موو پێغه‌مبه‌ران له‌لایه‌ن

پەروەردگاریانەوە، جیاوازی ناخەینەنێوان هیچ کامێکیان دا و، وەئێمەفەرمانبەری خواین .

جا براو خوشکی موسڵمانم ئیمان هێنان بەکتێبە ئاسمانیەکان برتیەلە :

* ئیمان هێنان بەوەی ئەم کتێبەئاسمانیانەی لەلایەن خوای گەورەوە دابەزیووە بەحەق .وەك خوای گەورە دەفەرموویت: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا آَمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا }(النساء:136).

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە. بەردەوام بن لەسەر ئیمان هێنانتان بەخواو پێغەمبەرەکەی وەئەوەی دابەزاندوەتەسەر پێغەمبەرەکەی ـ قورئان ـ وەئەوەی پێشتر دایبەزاندووە.

* ئیمان هێنان بەو کتێبانەی ناوەکانیمان زانیوە، وەك قورئان وتەورات وئینجیل وزەبوور. وەئەوەی ناویشمان نەبیستووەبەگشتی ئیمانمان بەهەموو هەبێ .

ئیمامی محمد نصر المروزی (٢٩٤ك)رحمەالله : دەفەرمووێت (ئیمان هێنان بەکتیبەکانی خوای گەورە. ئەوەیەئیمان بهێنێ بەو کتێبانەی خوای گەورەلەقورئان ناوی بردوون لەتەورات و ئینجیل و زەبوور بەشێوەیەکی تایبەتی ، وەئیمان بهێنێ بەوەی خوای گەورەکتێبی تری هەیەو دایبەزاندووەلەسەر پێغەمبەرانی کەس ناوی نازانێ و ژمارەی نازانێ جگەلەوەی دایبەزاندووە.

* بەڕاست دانانی ئەو هەواڵ و باسکردنانەی کەلەم کتێبانەهاتووەوەك ئەو رووداوو بەسەر هاتانەی لەقورئان

باسكراوه. وهئهوههواڵ و بهسهر هات و چیرۆكانهی لهكتێبهكانی تردا هاتوون ئهوانهی تهحریف نهكراون .

* كاركردن به ئهحكامهكانی ئهو كتێبانه، ئهوانهی نهسخ نهكراوهتهوه وهمل كهچ كردن بۆی و رازی بوون پێی ، خوای گهوره دهفهرمووێت:{ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ } (المائدة/٤٤) .

واته: ئهوهی حوكم بهوه نهكات كه خودا دایبهزاندووه، ئا ئهمانه له كافرهكانن .

* ئیمان هێنان بهوهی (قورئان) ههموو كتێبهكانی تری نهسخ كردۆتهوه، وهك خوای گهوره دهفهرموێت:{ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ} (المائده/٤٨) .

واته: ئێمه ئهم قورئانهمان بۆ دابهزاندووی بهحهق كه ڕاستی كتێبه ئاسمانیهكانی تری پێش خۆی جێگیر دهكات و چاو دێرو زاڵیشه بهسهریانهوه. ههرچی قورئان حوكمهكهی جێگیر كردووه جێگیر دهكرێ، وهههرچی نهسخی كردۆتهوه نهسخ دهكرێ.

سهرچاوه:

١-شهرحی عهقیدهی واسطیه، شێخ موحهمهد صاڵح العثیمین ـ ڕهحمهتی خوای لێ بێت ـ لاپهڕه: ٤٩ و 50 ، دار الثریا للنشر ١٤٢٦ كۆچی.

٢-ئیمان لهلای ئههلی سونهو جهماعه، نوسینی:الیاس محمد كوردی، چاپی دووهم، لاپهڕه:١٤ و ١٥ .

٣-پوختهی تهفسیری قورئان،مهلا محمد مهلا صالح، چاپی سییهم ٢٠٠٧م .